**((گەندەڵی ئیداری لە ژێر زەڕەبینی گەورە گەندەڵەکان))**

لە ژمارەی ئەم ئاخری هەفتەنامەی چاوەدێر دا و لەکاتی چاوخشاندن بە سەر بابەتەکانیدا چاوم بە وت وۆیژێکی ئەم رۆژنامەیە لەگەڵ عومەرفەتاح سەرۆکی حکومەت کەوت کە زۆر بەلاٌمەوە سەیرو سەمەرە و رووهەڵمالانەوە بوو و هەربۆیەش حەزم کرد هێندێك ببمەمیوانی حەزەکانی کاکی سەرۆکی حکومەت لەزمانی خۆم و زۆرێك لە خەڵکی کوردستان بۆی بدۆیم کە دەنیاسن وکەسایەتییەکەی چ وەك کەسێکی حیزبی ودواتر وەك سەرۆکی حکومەت بۆهەمووان ئاشکرایە.

کاك عومەر فەتاح باس لە گەندەڵی ئیداری وگەندەلی لەکارو باری حکوومەتی دەکات و دەلێت ئێمە سەرقالی ئیشین بۆ بنەبر کردنی ئەم دیاردەیە و بۆئەم مەبەستەش سەرمان خستۆتە ناو زۆرێك لە فەرمانگاکان و دایرەکان بۆ ئەوەی رەوتی کارەکان و کەسانی بەڕێوە بەری گەندڵی بدۆزینەوە و موحاسیبەیان لەگەڵ بکەین و دواتر دەریان بکەین. ناوبراو لە درێژەدا دەڵێ: تائیستا لە وبابەتانە زۆرمان کردووە و نمونەکانیشی بە جوانی دیارە و تەنیا ناوەکانیان ناهێنین. منیش وەك خۆم واتە نوسەری ئەم بابەتە هێندیك پرسیارم هەیە کە ئاوا دەیانخەمە بەر دیدەی خوینەران. یەکەم : ئەوەیکە ئایا یاسای بنەبڕکردنی گەندەڵی ئیداری هەر بەرپرسەکانی خوارەوە دەگرێتەوە یان نا؟ دوایش ئەوەیکە هێندێك پرۆپاگەندە لە سەرخودی عومەرفەتاح بلاٌوکرابویەوە کە ئایا یاسایەی کە لە سەرەوە ئامارەمان پێ کرد ئەویش دەگرێتەوە یان نا؟ دوای ئەویش بۆچی دەبی ناوی ئەو کەسانەی کە خیانەت دەکەن بەخەڵك ولەوانەش گرینگتر نەتەوەکەیان بلاٌو نەکرێتەوە هەتا رسوا بن و ببێتە عیبرەتێك بۆ کەسانیتر. ئایا ئەمە دەرخەری هاودەستی و هاوپیاڵەیی کچکە مەسئولەکان و مەسئولە گەورەکان نیە؟

ئەگەر بێین وەك مرۆڤێکی سەدەی 21 بروانینە کوردستان و حیزبایەتی ناو ئەم قورنە کە نەتەنیا هیچ بۆنیکی دەسەلاٌتێکی جەماوەری بە خۆیەوە نەبینیوە، بەڵکوو بە توندی لەگەڵ بەرژەوەندی جەماوەری دژایەتی هەیە و تەنیا بۆ پاراستنی مافی تاك و کەمینەی حیزبی و لەوانە زلهیزەکانی بواری ئابوری کوردستان دامەزراوە. ئەوزلهیزانەی کە هەم لە پارلمان و هەم لە حکومەت دا دەستیان دەڕوات و هەر خۆیان حیسابن. کاك عومەر فەتاح دەڵێت کە تائیستا دەستمان لە زۆر وەزارەت و دایرە وەرداوە و بەرێوەبەرانی گەندەلیمان دۆزیوەتەوە، دەڵێت کە لەگەڵ هەموویان موحاسیبە دەکرێت. منیش دەلیم

وایە، بەڵام ئەوەیکە موحاسیبە دەکرین بەو مانایە نیە کە ئێستانداری جیهانی دەلێت وبە ئاشکرا دەبێت بەپێی قۆرسایی تاوانیان حوکم بدرێن و دەستیان لە مەسئولییەت کورت کرێتەوە، بەڵکوو بەومانایەیە کە لەو شوینە دەیانگوازنەوە بۆ شوێنیکی باشتر وپلەیەکی بەرزتر لەوەی کە پیشتر هەیان بوو.

ئەو دەڵی خۆم لەزۆر کار و کەلاری حکوومەت رازی نیم. بەلام ئەم حکوومەتە کییە؟ کە هەم سەرۆکی حکوومەت و هەم ئەندامانی دەفتەری سیاسی حیزبی دەسەلات دار لە دەستی نارازین و دەیانهەوێ بە هەڕەشەو گوڕەشە بیهێننە سەر ڕێ ئەوان خۆیان والاشیان بەم ولاتە فیرکرد و هەر خۆیان ئیستا دەبێ تێری بکەن جا ئیتر ئیستا ئەوان دالاشیان بەرداوەتە جەستەی خەڵك وخۆیان دوور راگرتووە ولە دوورەوە سەیری راو و روت کردنی خەڵك و تالانی سامانی ئەم خەڵکە دەکەن، دەبێ حەقیشیان پێ بدەین کە بێن و قسەبکەن و خۆیان سوور کەنەوە و هەڕەشە لە گەندەڵی ئیداری بکەن، چونگە دەزانن هیچ کات قاچی خۆیان بە تەڵەی خۆیانەوە نابێت و ناکەونە نێو بۆسەری خۆیان.

کاك عومەر دەڵی:حەزدەکەم هاوولاتیان یەکەیەکەی پرۆژەکان ببینن کە چەند پرۆژەیان بۆ کراوە. بەراستی لێرەش دا پێم وایە حیساب لەدەستی چۆتەدەرەوە، تەك لەو هەمۆ خزمەتەی کە بە خەڵکی دەکەن! کام پڕۆژە و لە کام شوێن؟ شۆقەکانی دەرەوەی شار کە هەرکام و بۆ یەکێك لەبەرادەرکانی مەسئول و دۆستەکانی سەروکەکانی حکوومەت خەللات کراون، یان پرۆژەکانی تر کە دراون بەکەرتی تایبەت وقازانجەکانیان بە 2 قات زیاتر لە گیرفانی خەڵك دەهێننەوە دەرێ؟

یان پرۆژەکانی وا 6 مانگ بۆ تەواوبونیان مۆڵەت دیاری کرابوو، بەڵام ساڵێکە دەست پێکراون و ساڵێکی تریش دەبێ بە دیاریانەوە دانیشین و لانکەیان بۆ راژێنین. هەتا 10ساڵ لەمەوبەر زۆر بەکەمی دبینرا کە ماڵێك لە تەنەکە هەبێ، "حەڵەبی ئاوا"، بەڵام ئیستا هەر کە لە ناوشار هاتیتەدەر ژێکلامی سەر تەنەکە رۆنی خالی کە کراون بە دیوار و سەربان دەکەونە بەر چاو و لەوەش گەڕێ کە چەندە پرۆژەی خزمەتگوزاری وەك ئاو و کارەبا و قیر تاوی کوچەو کۆڵانیان بۆ کراوە. ئەی ئەم پڕۆژانە چین و بۆ کێ کراون کەخەڵك دەبێ بیانبینێ و هەڵیان سەنگێنێ؟

**هەر بۆیەش لە کۆتایی‌دا دەلێم کە یەکەم سەرۆکەکانی کوردستان دەبێ پێش لە هەمووکارێکیان سەرەتا بە خۆیان و نزیکترین کەسکانیان دا بچنەوە و هەوڵ بۆ چارەسەرکردنی گرفتی گەندەڵی ئیداری بدەن، دەنا هەتا ماوین ئەم ولاتە و ئەم هەرێمە دەبێتە هەرێمی راو رووت کردنی خەڵك و بەرز کردنەوەی شوقەکانی و هەوارەکەکانیان و هاوینە هەوارەکانی مەسئولەکان.**

**بۆیە باشترین رێگا بە خۆ داچونەوەیە.**